# ئەوینی شەپۆل بۆ بزوان

# میشۆ لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا

نووسینی: Maria Wennerstrom wohrne
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: هەندرێن



ئەو ( هینری میشۆ) لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەوروپادا، بەرەو ئێکوادۆر و بەرازیل، هیند، چین و ژاپۆن، هەمیشە لە سەفەردا بوو. بۆ ئەو باشتر بوو کە لە باڵکۆنی ماڵەکەیەوە دیمەنی گومەزی ئەیفل بە لاولاو بشارێتەوە.

هێنری میشۆ ساڵی 1899 لە شاری نامور لە بەلژیکا، لە وڵاتێکی دەشتایی کە بای شەماڵ "توووند و زاڵ/.../ وەک چەقۆیەکی راستەوخۆ بەسەریدا دەخشێ"، لە دایک بووە، لە ساڵی 1984یش لە پاریس کۆچی دوایی کرد. ئەو هەرچەندە لە بەشێکی زۆری ژیانی لە فەرەنسادا وەک نووسەر و هونەرمەند چالاک بوو کەچی هەرگیز لەگەڵ کولتووری فەرەنسی و بگرە رۆژئاواشدا هەستی بە هۆگریی نەکرد. بەمجۆرە ناوبانگە ئەدەبییە مەزنەکەی، وەک وەرچەرخانێک لە ئاکامی ئاراستەگەلێکدا بە گەشتنامەیەک/بەربارێک لە ئاسیادا"، لە 1933دا، دەرکەوت. Un Barbare en Asiلە کێشوەرێکی باڵادەستەوە:"

/بەربارۆس" ی گریکییەوە barbaros" /بەربار" لە بنەڕەتدا بە گوێرەی فەرهەنگ لەbarbar وشەی " هاتووە، لە رۆژگاری ئەنتیکدا مەبەستییان لەو مرۆڤانە بوو کە گریکی یان رۆمانی نەبوون و بە "زمانێک کە بۆ گریکییەکان لە تێگەیشتن بەدەر بوو" قسەیان دەکرد، مانای "بڵمە بڵم"ی دەگەیاند. کاتێک کە میشۆ خۆی لە وێناکردنی خەڵکی ئاسیادا بە تایبەتمەندییەک لە ئەوروپی، رۆڵی بێگانە و "بەربار" دەگێڕێت، وێنای خۆچەوسپێنەری قووڵی رۆژئاوایی لە چەشنی فۆرمی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانێکی رەتکەرەوەدا دەخاتە ژێر پرسیار. لێرە لە ئاسیادا ئەوروپا کێشوەرێکی دوور دەگەیەنێ. لە چاوی نووسەردا هەمیشە کتومت ئەو "کەم و کورییە لە کولتووردا بە شێوازی ژیانێکی بێگەردکراو" خۆی نیشاندەدا کە لە لای "بەربارییانی"دا بۆتە نێوەڕۆکی ئەوەی دوایی. ئەو لە پێشبینیکردنی لە شەڕێکی جیهانی دیکەدا کە لە ئەوروپادا هەڵدەگیرسێ، کتومت وەک خولیایەکی باکووریی لە رووخساری ئەو مرۆڤگەلە وە شرۆڤەی دەکا– کە خودی خۆی و خوێنەران گوێبیستی بوون:

*تۆ بڵێی شەڕێکی تر روویدا؟*
*بە خۆ لە خۆتان رابمێنن، ئەوروپییەکان، بە خۆ لە خۆتان رابمێنن.*
*لە رووخسارتاندا هیچ شتێک لێوانڕێژ نییە لە هێمنی. هەمووی بەربەراکانییە،*
*مەیل، چاوبرسییە. تەنانەت نیازەکانی ئاشتی*
*ئێوە شێوازێکی زەبر و زەنگانەی هەیە.*




ئەو وەک گەلێک لە نووسەرانی ئەو رۆژگارە، یەکسەر دوای 1920ەوە، ئومێدی بەوە دەخواست کە کاریگەرییەک لە رۆژهەڵاتەوە دەشێ وزە و زەنگینییەکی نوێ بە هونەر و ژیانی هزرینی رۆژئاوا ببەخشێ. لە کن ئەو کولتووری ئەوروپا و ئەمریکی بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو زێدە رەسەنیی هێزە ژیان بەخشەی کە ئەو لە ئاسیادا پێیگەیشت، وەک کاولکاریی و بەتاڵییەک دەبینرێ:

*لە نێوان ئەوروپی و هیندییەکاندا هەمان شتە*
*وەک جیاوازی نێوان پشوو و دوا نەوای پیانۆیە.*

*هیندیویستەکان هەمیشە ئاوێتە و چڕن، حەسانەوەکەی کارایە.*
*حەسانەوەی پیاوی سپی هیچە، یان بە مانایەکی تر:*
*X.ە ناقس*

*سیستەمی فەلسەفەی رۆژئاوایی*
*سەر کەچەڵ و ژیانی کورتکراوەیە.*
*فەلسەفەی رۆژهەڵاتی وادەکا پرچ گەشە بکا و*
*ژیان درێژ دەکاتەوە.*



بەمجۆرە کاتێک میشۆ، بووە خاوەن پارەیەکی دیاریکراو کە سەفەرەکەی بۆ مەیسەر کرد، رۆژێک لە پاییزی 1931دا فەرەنسای جێهێڵا و سەری بەرەو رووەکەی ئەودیوی گۆی زەوی هەڵگرت، بۆ ئەوە نەبوو لە شارستانییەت هەڵبێ. ئەو لە بنەڕەتدا بە دوای ژیانی سروشتی و تەنیایی نەچوو. بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەو زەریا لە خەڵکگەلەی ئاسیا سەرنجی راکێشا. یەکەمین وێستگەی "کەلکووتە" بوو، کتێبەکە بەوە دەستپێدەکا: "من لە بیست پایتەخت زیاتر دەناسم. فشەیە! لێ ئێمە کەلکووتەمان هەیە! کەلکووتە، پڕ مەسترین شاری گەردوونە."

رەنگە ئەو ئەشقە بۆ تێکقژانی مرۆڤگەلی رووەو رۆژهەڵات پەیوەندی بە بڕوای میشۆ هەبێ لەسەر فرەیی وەک نرخێکی کارا. ئەمڕۆ دەکرێ ئەوە وەک دەربڕینێکی سیاسی بوودەڵە ببینرێ، بەڵام ئەو فرەییە بۆ ئەو زیاتر نوێنەری تێڕوانینێکی فەلسەفیە لەمەڕ مرۆڤ وەک جۆرە مانەوەیەک لە پێناو چەندان ئەلتەرناتیڤی بوونایەتی بێکۆتایی دەگەیاند. کە ئێمە بەشێک ناسنامەی خۆمان و یەکتر دەنووسینەوە زیاتر ناسنامەی یەکێکی تر دەنووسینەوە، ئەمەش ئاکامێکە لە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی پەیماننامەیی لەگەڵ یەکتردا. لە راستیدا هیچ راستینەیەکی

رەچەڵەکی لەسەر ئەوە لە گۆڕێدا نییە کە راستینەیی ئێمە هەیە، بەڵکوو ئێمە خودی خۆمان و ئەوانەین کە خۆمان لێ دوور خستۆتەوە کە ببین. دواجار هەر یەکێک لە مرۆڤەکانی تر دەکرێ وەک پەیامێکی چاوەڕوانکراو لەو منەی خۆی ببینرێ، سنووری نێوان تاکەکەسەکانیش دەسڕدرێتەوە. ئێمە پێکڤە چەشنە نەخشەیەک لەسەر بەهایە جودایەکانی ژیان دەکێشینەوە و ئێمەش هەرچی زۆرتر بین ئەوە شێوازی نووسینەکە جوانتر دەبێ، وردەکارییەکان، بە کورتی داستانخوانییەکە، دەبێتە نەخشە. بە بڕوای خودی میشۆ بەر لە هەموو شتێک دوای ئەو نەخشەیە کە ئەو کاتێک خۆی بۆ ئامادە کرد لەوێوە بەناو هیندستان، چین و دواجاریش مالایسیاوە سەفەری کرد. واتا "پیاو (مرۆڤ) لەسەر شەقامدا"، لە گشت شێوەی پەیامی نێر و مێیەک، کە بەو دڵگیر بوون و ئەویش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر کەوتە دوایان. ئەو لە پێشەکییەک بۆ چاپێکی نوێ لە "بەربەرێک لە ئاسیادا" لە 1967دا دیمانەی لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بەمجۆرە دەنووسێتەوە:

*کاتێک من 1931 هەنگاوم نا لەوێ، بێ ئەوەی کە زۆر*
*بزانم/.../ پیاوەکەم لە شەقامدا دۆزییەوە.*
*ئەو منی گرت، ئەو کلۆری خستە ناو من،*
*من تەنیا ئەو دەبینم. من ئەو دەگرم،*
*من بە دوای ئەو دەکەوم، بڕوام کرد*
*بە لەگەڵ ئەودا بوون، بە تایبەتی ئەو و*
*ئەو پیاوەی کە نای دەژەنی و ئەو پیاوەی*
*کە لە شانۆیەکدا یاری دەکا، ئەو پیاوەی کە سەما دەکا و*
*لەشی دەجووڵێنێ، من گشت شتێک کە پێویستم پێ هەبێت هەیە*
*بۆ ئەوەی تێبگەم... یان بە جۆرێک.*



تێگەیشتن لە شێوەی بوونگەلێکی بێکۆتایی و لەبەر دەست تەنانەت بۆ میشۆش ئەکامگیرییەکەی رامانێکی ئایینیانەی پۆشی. لە بەرانبەر ئەو ئایینە مەزنانەی کە

بڕوایان بە تاکە خوایەک هەیە – ئایینی مەسیحی (مرۆ لە بیریەتی کە چۆن بای شەماڵ جارێکیان "سارد و زاڵ"، وەک باوکی بایەکی ستەمگەر و دڵڕەق، بەسەر زاڕۆکایەتی نووسەر لە بەلژیکا هەڵیکرد...)، ئایینی جوولەکە، ئیسلام – ئەو لە کەش و هەوایەکی روحییانە لە ئاسیایەکی دووردا، بۆ نموونە زەمینەی لەباری خزمەتکاری هیندۆیزم کە لە ناو رێبازەکانی خۆیدا بڕوایەکانی تریش، هەروەک خواگەلێکی بەخۆیەوە گرتووە بە باشتر دانا.

پاشان ئەو ژیانە تێکڤژان و ئاپۆڕەی خەڵک لە کارە هونەرییەکانی میشۆ، لە پێشەوەشیان هێڵکاریەکانی " " کە ئەو لە 1950 ەوە دروستیکردن، رەنگیدایەوە. Les encres de Chine”بە مەکەرەبی چینی:



Encre de Chine sur papier d'Indochine, vers 1958,
37,5 x 47,5 cm

ئەو کارە هونەریانە کە نیوەیان بریتین لە چەشنی مرۆڤ ، نیوەی لە چەشنی هێڵە وێناندنە جوڵاوەکان، لە هاوڕێیاتییەکی بە کۆمەڵی لەگەڵ چەندان وێنەی خەیاڵییانەی لێکنزیکدا تێکەڵاوی یەکتر دەبن، هەڵدەزنێن، ناسک و باریک دەکشێن یان گرژانە تێکدەچڕژێن. لە هەمان کاتدا ئەو هێڵە مەرەکەبییە سەماکردوو، خەتکێشە لێکپچڕاوانە یان مەرەکەبە پرژاو و پارچە لێکترازاوانە دەتوانن بەرەو ئەو بیرکردنەوەکانە رێنیشاندەری بکەن کە چۆن "پیاوێک لە شەقام"دا بەر لە بیست ساڵ پێشتر بە دەم سەفەرەوە ئەوی بە زمان، جوڵەی لەش و موسیککەکەی شێت و شەیدا کرد.

بۆ ئەوەی ئەو شێوازە جودایانە پێناسە بکرێن کە بەڕای میشۆ خەڵکانی ئاسیایی بەشێکیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، بەشێکیشیان لە نەتەوەکانی رۆژئاوایی جیاوازن. میشۆ لە پەیوەندی لەگەڵ ریزێک ئافراندنی راشکاوانەی مرۆڤانە: ئایین، ئەڤین، شانۆ، نووسین، ئاخاوتن، ئەدەب، وێنەکێشی، تالارسازی، فیلم، ئەوەی هەڵبژارد کە وێنەی "پیاوێک لە شەقام"دا بکێشێتەوە. بەمجۆرە میشۆ، بۆ نموونە، ئەوەی نیشاندا کە ئاماژەی هونەر نوێنەرایەتی وێنای جیهانبینیەکی چینی بکا بۆ جیهان. وێناکردنی ئەو لەو تواناییە لەوەدایە کە لە هونەردا بە کۆمەکی لەو چەشنە

هێلکێشییەدا ئەو بوون ئامێزییە رابگەیەنێ، وەکوو تر هزرەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە برۆن کە چۆن خودی میشۆ هەتا بکرێ وێنەکانی بۆ بزوان و هێڵەکان چڕبکاتەوە.

*لە کاکڵەدا شێوەکاری چینی دیمەنی سروشتی دەکێشێتەوە. جوڵەی شتەکان نیشاندەدرێن، نەک قورسی و قەڵەوییەکانیان، بەڵکوو دەکرێ بڵێین، هێڵکارییەکانی نیشاندەدرێن. چینییەک خاوەنی ئەو توانستەیە کە چییەتیەک بۆ چییەتییەکی پێناسەکراو (شتێک بە شێوازێک لەگەڵ ماتماتیکی یان لێزانییەکی جەبریانە {ئەلجەبرا}) پوختبکاتەوە.*

بە هەمان شێوەش ئەو بڕوادارانی ئایینی هیندیویزم و رێزی *ئەوان* بۆ شتە پیرۆزەکان، نوێنەرایەتی کاراکتێری تایبەتی خۆیان بکەن، هەروەک ناتەبایی ئەوانی لەگەڵ لاوازی روحیانەتی لای ئەمریکییەکان رادەگەیەنێ:

*هیندییەک ئایندارە، ئەو هەست دەکا*
*پابەندە بە هەموو شتێک.*
*لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکییەکان پابەندن بە کەمێک شت.*
*هەرچەندە ئەمەش گەلێک زۆرە.*

هەڵبەتە میشۆ ژیانی ئایینیانەی هیندیویستەکان بەرجەستە دەکاتەوە کە پێی وایە لە بنەڕەتدا بوونیان زەنگینتر و واتادار ترە لە بوونی رۆژئاواییە بێ ئایینەکان. هەر چۆنێک بێت هەندێ جار ئەو کە برێک دەربڕین یان ئاکامگیرییەکانی راژە دەکرد شێوە دەنگێکی گاڵتەجاڕانەی هەبوو – بۆ نموونە لە وێناندنی مانگا پەرستەکان لە کەلکووتەدا دەڵێ:

*ئەوان لەگەڵ مانگادا لە یەکێتییدا پەیمانیان بەست، لێ مانگا نایەوێ*
*لەسەر ئەوان بزانێ. مانگا و مەیموون: ئەوانە هەردووک*
*لاسارترین ئاژەڵن لەناو ئاژەڵە پیرۆزەکان. مانگاگەل لە هەموو شوێنێکی*
*کەلکووتەدا هەیە. ئەوان لە شەقامەکاندا دەڕۆن، بە درێژاییان بەسەر*
*شۆستەکاندا پەرتدەبن کە رێگە لە چوونە پێشەوە دەگرن، لەبەر چاوی جێگرەکەی پادشا پیسایی دەکەن،*
*دوکانەکان دەپشکننەوە، هەڕەشە لە پەیژەی کارەبایی دەکەن، لەسەر دوا پلیکانەکانی خەلک پاڵ دەکەون،*
*ئەگەر هیندۆیستەک بۆ خواردن لەبار بووایە ئەوە بە دڵنیاییەوە مانگا لرفی دەکرد.*



میشۆ بە گشتی کە دەستی برد بۆ شێوازی گاڵتەجاڕیی مەبەستی ئەوە نەبوو دڵڕەقانە وێنەی هەڵبەستراو لەسەر ئەو شتانەی کە بۆ ئەو نامۆ بوون لەو کۆمەڵگایانەی کە سەردانی کردن دابڕێژێ.

بە تایبەتی ئەو بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری شارستانیەتی ژاپۆنی دەکرد: "میللەتێک کە زیندانە لە دوورگەکەی خۆی، لە پشت دەمامکەکەی لە ڕێککەوتنامەکەی، لە پۆلیسەکەی، لە دیسپلینەکەی، لە تیپی سەربازەکەی و ڕیزبەندی پۆلیسکەی، خۆی بەند کردووە." بەڵام بە دەر لەو پێشەکییانەی کە لە هەر چاپێکی نوێدا لە "بەربەرێک لە ئاسیا"دا، نووسیویەتی، کە لەوێدا گەشتنامەیەکی دەخاتە بەر ڕەخنە، بەڵام بە بەراوردکرن لەگەڵ هەڵوێستی بێڕێزانەی ئەو لە دژی ئەوروپادا، قووڕسایی ڕەخنەی ئەو دژی کولتووری ئاسیایی سووکتر بوو.

میشۆ هیچ گرنگی بە گۆڕانکارییە بەردەوامە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەنە نەدا کە ئەو سەفەری تیادادەکردن. ئەو لە پێشەکییەکەی ساڵی 1967دا ئەو ڕاستییەی وەک نیشانەیەک لە کوێری و بێبایەخی پێناسە کرد. هاوکاتیش ئەو پێی وابوو کە ئەوە ڕەوتێکی سروشتی بوو لە خۆزگە گەرمەکانی ئەو لەسەر ئەوەی کە ئاسیا لە بەرانبەر ئەوروپادا بێتە وێنەیەکی پێچەوانەی سەرمەدیی. پاشان هەرچەندە هەر لە کاتی جێنشینبوونی ئەو لەو کۆمەڵگایانەدا ناچار بوو لەوە تێبگات کە لە ژێر کاریگەریی کولتووری ڕۆژئاواییدا گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هات. وەلێ نووسینەوەکەی وای لەو کرد بە دراوێتەکردن لە هەندێک پەراوێزە زۆرەکانی لە چاپەدانەوە نوێیەکانیدا ببێتە کەسایەتییە ڕەسەنەکەی خۆی: "لێرەدا مرۆ بەربار بوو و دەبێ مرۆش بێتە بەربەریی."

میشۆ نە ئاسیایی و نە ئەوروپیش بوو. یان ڕاستر بێژین: ئەو ئەوروپییەک بوو کە لە ماوەی ئەو کاتەنەدا بەنیو ئاسیادا سەفەری کرد و بە زۆر شێوەش هەستیدەکرد کە خزمایەتی هەیە لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەوێ.

. /بەربار و بێگانەیەک barbaهاوکاتیش ئەو بە نیگایە ئەوروپییانەکەیەوە بۆ جیهان بووبە لە کۆمەڵگایە ڕۆژهەڵاتییەکاندا. گۆزە وی لە نێوان پێناسە کردن و نامۆییەکەیدا سەرتاپای گەشتنامەکەی دەتەنێتەوە، دەکرێ وێنەی ئەو جمە و جوڵەی

شەپۆڵانە بکێشێتەوە کە خودی میشۆ بەو پرنسیپە شێوە بەخشانە لە نێو کولتووری مالایسیادا – ئەو بنمیچە پێچاو پێچ، ئەو کەشتییە سوورڕخواردوو، ئەو خەنجەرە بە "قەیران" ناودێرکراوانەی کە بەرگەکەی وەک کڵپەی ئاگر شەپۆڵاوین شەیدایان بوو. هەروەک شەپۆڵ بە بزوانە بەردەوامەکانییەوە دەناسرێنەوە، لێناگەڕێ روانگەی درزبردووی داستانەکە واتای یەکێتی بەرهەمەکە بە سڕی کۆتایی پیبێت. لە راستییدا "بەرباریک لە ئاسیا"دا قۆناخێکی زوو لە ژیانێکی دوور و درێژی نووسەر و هونەرمەند لە گەڕان بە دوای خودی خۆی و مرۆڤی دیکە دەهۆنێتەوە.

(#) ماریا وینستروٚم وۆرنێ، لە ساڵی 1967 لە دایکبووە و لە ئینستۆتێتی زانستی ئەدەبیی، لە زانستگای ئۆپسالا، ساڵی 2003 دۆکتۆرای لە زانستی ئەدەب وەرگرتووە، بابەتی دۆکتۆرایەکەی بەناوی "وەرگێڕانی جیهان"، لەسەر زمانی هینری میشۆ نووسییوە. وێڕای ئەمەش ماریا وینستروٚم لە زۆر گۆڤار و رۆژنامەکانی سوێدیدا وتار و بابەتی رەخنەیی لەسەر شیعر و ئەدەب بڵاودەکاتەوە. رەنگە شایەنی وتن بێ کە ماریا وینستروٚم نووسینێکی لەسەر کۆشیعری من "سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور"نووسیبوو و لەو گۆڤارەی کە ئەم وتارەم لێ وەرگێڕاوە بلاویکردۆتەوە، هەر دوای ئەو وتارەش بوو ئاشنای ماریا بووم. ئەم وتارەش، "ئەوینی شەپۆڵ بۆ بزوان" بە ئاگاداری خۆی وەرمگێڕاوە.

تێبینی! هینری میشۆ، "بەربەرێک لە ئاسیا"دا، بە سوێدی یەکەم وەرگێڕانی لە ساڵی 1948 چاپکراوە و دواجاریش چاپە نوێیەکەی لە 1985دا بڵاوکراوتەوە. جێگەی سەرنجە تابلۆیەکانی میشۆ، کە تایبەتن بە جیهانبینی و شێوازی میشۆ، بوونە مایەی نووسینێکی فەلسەفییانەی فەیلەسوفی خۆکوشتووی فەرەنسی، ژیل دۆلوز. (تێبینی وەرگێڕ)

سەرچاوە: "Vågens kärlek till rörelse"، گۆڤاری "Karavan"، ژمارە: 3، ساڵی 1999.

بەشێک لە تابلۆیەکانی میشۆ، کە هەڵبژاردەی خۆمن، نەک نووسەر، ماریا وینستروٚم:





*Sans titre*,
technique mixte sur papier,
31 x 24 cm



*Sans titre*,
technique mixte sur papier,
33 x 25 cm



Post-meskalin, 1969
Krita på papper 32x23 cm